گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin
مجلة جامعة ڕابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(5).Paper18

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 02/02/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 11/04/2023
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2024

# ڕەهەندی ڕامیاریی موزیک و سرودی نەتەوایەتی (ئەورووپا بە نمونە)

**ئاری قادر محەمەد[1] - هەیسەم شەعوبی ئیبراهیم[2] - ڕزگار محمد شێخ محمد[3]**

ariqadir65@gmail.com - Hathamshaoobi54@gmail.com - rizgar.shikhmohamad@su.edu.krd

[1+3] بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین , هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی پەروەردەی هونەری، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی موستەنسەرییە، بەغداد، عێراق.

## پوختەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لەسەر ڕێبازی مێژویی و وەسفی ئەنجام دراوە. بەشێوەیەکی زانستی چەند بابەتێک لەخۆدەگرێت، کە باس لەو بارودۆخە ڕامیاریانە دەکات ڕویانداوە. هەروەها چ ڕەنگدانەوەیەکیان هەبوە لەسەر موزیکی ئامێری و سرودی نەتەوایەتی لە ئەورووپادا.

ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە لە چەند بابەتێک پێکهاتوە: بابەتی یەکەم تایبەتە بە مێژوی موزیکی نەتەوایەتی لە ئەورووپا و ئەو بارودۆخە ڕامیارییانەی، کە ڕێخۆشکەر و هاندەربون بۆ دروستبونی ئەو جۆرە تێڕوانین و کارکردنانە لە دانانی موزیکدا. لە بابەتی دوەمدا، باسی ئەو وڵاتانە کراوە کە زۆرترین کاریان لەسەر موزیکی نەتەوایەتی کردوە، وەک: (ڕوسیا، بۆهیمیا، ئیسپانیا، نەمسا، هەنگاریا، فەرەنسا، ئیتالیا). لەگەڵ خستنەڕوی ناوی ئەو هونەرمەندە دیارانەی کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوە لەو بوارەدا. پاشان لە بابەتی سێیەمدا، چوار دانە لەو سرودە نەتەوەییانە باسکراوە، کە بەشێوەیەکی بەرچاو دەرکەوتون و ناسراون لە هەمو جیهاندا.

هەر بە شێوەیەکی گشتی هونەرمەند لە کارەکانیدا ئاماژە بە لایەنەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و...هتد. دەکات. وەک بەشێک لە نیشاندانی واقیعی زیندوی کۆمەڵگا و هەڵوێستی دیاریکراوی خۆی هەیە لە

کاتی نوسین یان، داهێناندا و خۆی لێیان لانادات. بەڵکو دەنوسێت و داهێنان دەکات لە پێناوی دەربڕینی ئەو هەڵوێستە دیاریکراوانەی خۆیدا. (أبو سرية، رجب، ١٩٨٩، ٧).

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەوروپا کۆمەڵگای موزیکی دروستبون، کە گرنگییان بە هەمو ئەوشتانە دەدا پەیوەندییان بە ئاواز و گۆرانی و سەمای گەلانی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەوە هەبو. بۆ ئەم مەبەستە دەهاتن کۆیاندەکردنەوە و تۆماریان دەکردن و دواتر سودیان لێوەردەگرتن بۆ داهێنانە جۆراوجۆرەکانیان. پاشان ئەو کارە فراوانتر بو و وەک فۆرمێکی سەربەخۆ بو بە بنیادێکی موزیکی و هونەری گەورە و جیاواز. (علي، أسعد محمد، ١٩٧٤، ١١٢).

لەو بارەیەوە پ.د. تران ڤان کهی Tran Van Khe سەرۆکی بەشی موزیکی ڕۆژهەڵات لە زانکۆی سۆربۆن لە پاریس دەڵێت: شێوازیی نەتەوەیی پلەی یەکەمی داگیرکردوە لە گرنگیدا و ڕۆڵی هاوکار یان، ئاماژەدەری هەیە. ئەو توخمە سەرەکییەیە کە پێویستە لە حاڵەتی داهێناندا ئاماژەی پێبکرێت. (حسن، د.شهرزاد قاسم، ١٩٨١، ٢٦٣).

**کلیلە وشەکان:** ڕەهەندی سیاسی، موزیکی نەتەوایەتی، سرودی نەتەوایەتی

## ١-پێشەکی:

موزیک لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و بەرەو ژور، چەندین ڕەوتی هونەری لەخۆگرت. یەکێک لەو ڕەوتە دیارانەی کە لە ئەوروپاوە باڵی کێشا بەسەر هەمو جیهاندا، ڕەوتی موزیکی نەتەوایەتییە. ئەم جۆرە موزیکە وەک شێوازێک، گوزارشت لە پیرۆزیەکانی نەتەوە دەکات. وەک: زمان و ئەفسانە و دابونەریت و ئەدەب. لە گەشەسەندنی هەستی نەتەوایەتیدا، سرودەکان بە سەرچاوەیەکی بەهێز و کاریگەر دادەنرێن. چونکە پەیوەندییەکی بەهێزیان لە نێوان موزیک و سیاسەتدا دروستکردوە. هەروەها چەندەها خاڵی هاوبەش دروست دەکەن لە نێوان ڕوداوە سیاسییەکان و ڕوداوە موزیکییەکاندا. لە پشت بەشێک ڕوداوی موزیکیشەوە، پاڵنەرێکی سیاسی هەیە کە دەبێتە هاندەر بۆ جوڵە و وروژاندن و دەرکەوتن و کۆنترۆڵکردنی موزیک. ئەو پێشهاتە سیاسیانەی لە ئەوروپا ڕویاندا. بونە هۆکار بۆ موزیک و سرود، کە وەک هێزێکی ڕۆحی یارمەتیدەر. بۆ چەسپاندنی پێکهاتەی نەتەوەیی و یەکخستنی تاکی کۆمەڵگا و هاندانی بۆ بەرگری و خۆبەخشکردن لە پێناوی خاک و نیشتیماندا کەڵکیان لێوەربگرێت.

**١.١.کێشەی توێژینەوە:** لە ناو هەمو وڵاتانی جیهاندا سیاسەت ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوە و هەیە لەسەر هەمو بوار و بابەتەکانی ژیان.... وەک، ئابوری وڵات و ئاستی زانستی و بواری کۆمەڵایەتی و هونەر و ئەدەب بە

گشتی و موزیک و سرود بەتایبەتی. موزیک دیاردەیەکی ئیستێتیکییە و ڕەنگی هەلومەرجەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و فیکری و شارستانی دەداتەوە و زۆریش بەندە بەو بارودۆخانەوە. (عیسا، د.ئەلبێرت، ١٩٩٨، ٧٠). بەو پێیەی موزیک ئامرازێکی بەهێزە بۆ دەربڕینی بیر و هەستی ناوەوە، دید و هەڵوێستی سیاسی مرۆڤەکان ئاشکرا دەکات. بەم شێوەیە وەک ئامرازێکی سیاسی خزمەت دەکات. موزیک هێزی ئەوەی هەیە خەڵک (بەرەو، لە پێناو، دژی) هۆکاری تایبەتدا ببات. لە سەردەمی جەنگدا حکومەتەکان موزیکیان وەک پڕوپاگەندە بەکاردەهێنا بۆ بەرزکردنەوەی ناسیۆنالیزم و بەرەوپێشبردنی شەڕ. (ABIAKWU, 2020, 8)

موزیک بەشدارە لە هەمو چالاکی و قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ و دەتوانێت ئامرازێک بێت بۆ بەرەوپێشبردنی ناسنامەی نەتەوەیی یان، ناسیۆنالیزم بە شێوەی جۆراوجۆر، وەک گۆرانی نیشتمانپەروەری و سرودی سەربازی. لەناویاندا سرودی نەتەوەیی دیارترین شێوەی نوێنەرایەتی نەتەوەییە کە وەک هێمایەک بە ڕێگای موزیک بەدەردەکەوێت. (Naoko Hosokawa ، 2018 pp2)

دەتوانین بڵێین کە هیچ بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی، یان ڕەوتێکی جەماوەری نادۆزینەوە کە ڕەنگدانەوەی هونەری خۆی بەسەرەوە نەبێت. هەندێکجار هونەرەکە پەیوەست دەبێت بە بزوتنەوە جەماوەرییەکانەوە یان، هاوتەریب دەبێت لەگەڵیدا یاخود، بۆی ڕێگەخۆشکەر دەبێت. (فیشر. آرنست، ١٩٧٣، ٦). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە موزیک یارمەتیدەرە و بە دو ئاڕاستەی جیاواز دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ خزمەتکردنی سیاسەتی دەوڵەت یاخود دژ بەسیاسەتی دەوڵەت. لەگەڵ ئەو ڕۆڵە گەورەیەی کە موزیک دەیگێڕێت بەڵام، لە کۆمەڵگای کوردیدا کارنەکراوە لەم بوارەدا بەو ئاستەی وڵاتانی دنیا. لەسەر بەکارهێنانی موزیک، وەک ئامرازێک بۆ پاراستن و گەشەسەندنی هەستی نەتەوایەتی و ئینتیما بۆ خاک و نیشتمان و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی. هەمو ئەمانە، وایانکرد کە توێژەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەسەر گرنگی ئەم بابەتە بکات.

## ٢.١ ئامانجی توێژینەوە:

١- دەرخستنی هۆکارە ڕامیارییەکانی دروستبونی موزیک و سرودی نەتەوایەتی لە ئەوروپا.

٢- ناساندنی موزیک و سرودی نەتەوایەتی ئەوروپا.

## ٣.١. گرنگی توێژینەوە:

١- ئامرازێکە بۆ ئاشنابون لەو پەیوەندییانەی لە نێوان سیاسەت و موزیکدا هەیە.

٢- ئاشنابونە بەو ڕۆڵەی کە موزیک و سرود بینیویانە لە هەستی نەتەوەیی و ئینتیما بۆ وڵات لەبواری نەتەوەییدا.

**٤.١. ڕێبازی توێژینەوە:** توێژینەوەیەکی (وەسفیی شیکاری)یە، کە ستایشی دیاردەیەک یان، ڕوداوێکی دیاریکراو دەکات. بە ئامانجی کۆکردنەوەی تێبینی و زانیاری ڕاست لەسەریان و ستایشکردن و خەملاندنی بارودۆخە گشتی و تایبەتییەکان. هەروەها بە بەکارهێنانی سەرچاوە و ئەرشیفە تۆمارکراوەکانی دەنگ و ڕەنگ، خستنەڕوی چەند نمونەیەکی دیارە لە سرودی نەتەوایەتی چەند وڵاتی ئەوروپادا.

**٥.١. سنورەکانی توێژینەوە:** سنوری جوگرافی: سنوری جوگرافی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە موزیک و سرودی نەتەوایەتی لە (ڕوسیا، بۆهیمیا، ئیسپانیا، نەمسا، هەنگاریا، فەرەنسا، ئیتالیا).

سنوری مێژویی: سەرەتای دروستبونی موزیک و سرودی نەتەوایەتی لە ئەوروپادا.

سنوری بابەتی: سرودە ناسراوە نەتەوەییەکانی ئەوروپا (مارسییێز، ئازادی، کاتیۆشا، بێلا چاو).

### ٦.١. پێناسەی زاراوەکان

**سرود:** بریتیە لەو ئاوازە تایبەتەی کە بۆ هۆنراوەیەک دادەنرێت، کە وشەکانی سادەبێت و ئامانجەکەی ڕاستەوخۆ بدات بەدەستەوە. بەپێی جۆری هۆنراوەکە جۆری سرودەکە دیاری دەکرێت، وەک سرودی نەتەوایەتی، نیشتمانی، سەربازی، پەروەردەیی، منداڵان، ....هتد. بە ڕیتمی (ڕێبەری کێشی) ٢/٤، ٣/٤، ٤/٤، ٦/٨ بەخێرایی مارش. چڕینی سرود زیاتر بە کۆرس دەوترێت بەڵام، جاری واش هەیە سرودبێژ لەگەڵ کۆرس یان، بە تەنیا دەیچڕێت. زۆر جار کۆتایی ڕستە موزیکییەکانی بە ستاکاتۆ Staccato تەواو دەبێت، یاخود درێژکردنەوەی کۆتایی ڕستەکە بە تۆنێک بە ڕیتمی درێژ نەک نەخشێنراو (زخرفة) Appoggiatura. (پێناسەی توێژەر)

هەندێکیش پێیان وایە سرود: پارچە موزیکێکی لیریکییە لە شیعر پێکهاتوە، جۆرە ئاوازێکی بۆ دانراوە کە تایبەتمەندییەکانی مارشی وەرگرتوە. ڕەنگ و شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە پێی دەناسرێتەوە. وەک میلۆدی بە شێوەی تاک یاخود، بە کۆمەڵ دەوترێتەوە. زۆرجار لەسەر یەکەی سادەی ٢/٤ و بە خێرایی هەنگاوی سەربازی [١٢٠ = ♩ میترۆنۆم] دادەنرێت. هەروەها دەشتوانرێت لەسەر یەکەکانی ٣/٤ و٤/٤ و یەکەی بچوکتر دابنرێت. ئەمەش بەپێی کێشی شیعری و هاوتاکردنی لەگەڵ ڕیتمی موزیک و پێداویستییە موزیکییەکانی ناو سرودەکە کەمدەکرێنەوە، بۆ ئەوەی جیابکرێتەوە لە گۆرانی. زۆرجار سرودەکان بە زمانی کلاسیک ڕێکدەخرێن و ملکەچی پێوەرێکی موزیکین. (الحلو، سلیم، ١٩٧٢، ١٨٦).

## ١.٢. مێژوی موزیکی نەتەوایەتی لەئەوروپا

مێژوی موزیکی نەتەوایەتی لە ئەوروپا بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەبێت:

١- کۆمەڵگە بچوکەکان.

٢- شانشین و ئیمپراتۆریەت و فرە نەتەوە، کە بە ناچاری و زۆرداری لەلایەن فەرمانڕەواکانەوە کۆکرابونەوە یاخود یەکخرابون. یەکەم دەسەڵات ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی (٢٧ پ.ز) هەتا دوا ئیمپراتۆریەت لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم.

٣- دارمانی ئیمپراتۆریەت و دارشتنەوەی سنورەکان لەسەر بنەمای نەژادی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی. نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە سەرەتای دروستبونی دەوڵەتی نەتەوەیی بو.

لە سەرجەم قۆناغەکانی مێژودا، موزیک ڕۆڵی کاریگەری هەبوە و یەکێکە لە بەهێزترین فۆرمەکانی هونەر. ڕەنگە، لە هەمویان بەهێزترین بێت. چەند نۆتێکی موزیکی دەتوانێت حەماسەتی هەزاران کەس بەرزبکاتەوە. لەبەرئەوە، ئەم جۆرە هونەرە گونجاو بو بۆئەوەی لە شەڕ و ململانێکاندا بەکاربهێنرێت. (حجاج، أسامة، ٢٠١٩، ٢).

موزیک لە دنیای کۆمەڵایەتی - سیاسی مرۆڤایەتیدا دەبینرێت و بەکاردەهێنرێت. چونکە لەلایەن حکومەتەکانەوە بۆ پرۆژەکردن و پێشنیارکردنی سیاسەت و بەرنامەکانیان کەڵکی لێوەردەگیرێت. پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و گروپە فشارەکان هەمان ئەم میدیایەی موزیک بەکاردەهێنن. (ABIAKWU, 2020, 7)

بۆ نمونە، لە چاخی ناوەڕاستدا لە ئەوروپا. کڵێسا باڵادەست بو بەسەر دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردنی وڵاتدا. موزیکیش لە خزمەتی کڵێسادا بو لەپێناوی پتەوکردنی باوەڕی ئایینی و دارشتنی سیاسەتی وڵاتدا. پاشان لەسەردەمی کلاسیک و لاوازبونی دەسەڵاتی ئاینی و دروستبونی چینی کۆمەڵایەتی خانەدانان. موزیک هەتا ڕادەیەک، لە کڵێساوە بەرەو نێو کۆشک و ماڵی ئەرستۆکراتی و خانەدانان ئاڕاستەی گۆڕی. (حەمە، توانا، ٢٠١٧، ٢٥).

دوابەدوای ئەوەی شانشینەکان و ئیمپراتۆرییەتەکان لە ئەوروپا، بەرەو دارمان چون. سیاسەتی ئەو سەردەمە بەرەو ئەوە ڕۆیشت کە دەوڵەتی نەتەوەیی بو بە جێگرەوەیان. بەو شێوەیە دەسەڵات لە خەڵکی دەوڵەتدا چڕبوەوە، نەک خانەوادەی فەرمانڕەوا لە شانشینییەکدا. گرنگترین ئەو ڕوداوانەی کە کاریگەری خۆیان لەسەر ئەم گۆڕانکاریانە بەجێهێشت. بریتین لە جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٧٩

(بەياننامەی سەربەخۆيى لە دەسەڵاتی پاشايەتی ئەوروپا). هەروەها پاشان بە دوايدا، هەڵگيرسانی شۆڕشی فەرەنسا بو لە ساڵی ١٧٨٩. (تيتون، جيف تود، ٢٠١٦، ٢٠٧).

پێش دروستبونی دەوڵەتی نەتەوەيی، واتا لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەم هەتا نيوەی يەکەمی سەدەی نۆزدەهەم. سێ ميللەت هەبو کە موزيکەکەيان باڵی کێشا بو بەسەر هەمو جيهاندا. ئەوانەش پێکهاتبون لە وڵاتانی ئيتاليا و فەرەنسا و ئەڵمانيا. (محجوب، هالة، ٢٠٠٧، ٢٩٠). ئەمە ئەوە دەگەيەنێت کە هەر يەکێک لەو وڵاتانە، شێوازی تايبەتی خۆيان هەبوە. بەو پێيەی کە کارە موزيکييەکانيان سێ جۆر لە قوتابخانەی دروستکردبو. کەواتە بەرهەمەکانيان دەتوانرێت بە ڕەوتی موزيکی جيهانی هەژمار بکرێت. جياوازييەکی ڕون لە نێوان موزيکی ئەڵمانی و فەرەنسی و ئيتاڵيدا هەبو. لەو ڕوەوە وەک نمونە، دەتوانرێت باخ يۆهان سيباستيان (١٦٨٥-١٧٥٠) Bach, Johan Sebastian و ڕامۆ، جان فيليپ (١٦٨٣-١٧٦٤) Rameau, Jean-Philip و سکارلاتی، دۆمينيکۆ (١٦٨٥-١٧٥٧) Scarlatti, Domenico وەبير بهێنينەوە. جياوازييەکانيشيان لە ئەنجامی سروشتی ئەو ژينگە جياوازانەوە بوە کە ئاوازدانەرەکان تێيدا گەورەبوبون. لە موزيکەکانياندا مەگەر چۆن ڕوبەڕوی خواستێک ببينەوە کە شکۆمەندکردنی موزيکی بێت بۆ ئەو وڵاتەی کە هونەرمەندە موزيکييەکە سەر بەو وڵاتەيە، ياخود ئاماژە بێت بۆ کەمکردنەوەی دەستکەوتەکانی وڵاتانی ديکە. (بول. هنري لانج، ١٩٨٤، ٢٣٢). سروشتی تازەگەری وايە، بەردەوام نوێ بە تەنها نوێ نييە، بەڵکو کاردانەوەيەکە بەرامبەر بە کۆن، کە ئەو کۆنە سەردەمانێک خۆی تازە بوە. لەو ڕوانگەيەوە و بۆ جياکردنەوەی لە سەدەی پێش خۆی سەدەی نۆزدەهەم ناونرا بە سەدەی نەتەوايەتی، ياخود يەکە نەتەوايەتييەکان لە ڕۆژئاوا (محجوب، هالة، ٢٠٠٧، ٢٧٨). چونکە کۆمەڵێک قوتابخانەی نەتەوايەتی دروست بون کە زۆر بە ئاگادارييەوە هەوڵياندەدا بۆ خۆجياکردنەوە لەو پێوەرانەی کە دانرابو بۆ موزيکی فەرەنسی و ئيتاڵی و ئەڵمانی. ئەمەش بوە هۆی گۆڕانکاری لە شێوازی دانانی موزيک. بۆ نمونە ئەگەر لەسەردەمی کلاسيک گوێبيستی موزيکێک بوايت، نەتدەزانی ئەوە لەلايەن موزيکنوسێکی فەرەنسی، ئيتالی، يان نەمساوييەوە داندراوە. چونکە مۆرکی نەتەوەييان پێوەديار نەبو. بەڵام لە بەرەو کۆتاييەکانی سەدەی نۆزدە، يەکسەر دەزانرا ئيسپانييە، ئەڵمانييە يان سلاڤييە. ئەوەش بە ڕەنگی سەما و ئاوازی گۆرانيەکان دەناسرانەوە. هەر بە شێوەيەکی گشتی، موزيکنوسەکان ئەو ئازادييەيان هەبوە دەستکاری ئاوازەکان بکەن. بەو ئامانجەی لێی زياد بکەن يان، لێی کورتبکەنەوە. بۆ ئەوەی لەناو چوارچێوەی کارە موزيکييەکانی خۆياندا بيگونجێنن. (دزەيی، هۆمەر، ٢٠١٥، ١٠٢).

لە کۆتايی سەدەی هەژدەهەمەوە، بزوتنەوەيەکی نوێ بە ناوی ڕۆمانتيک دەرکەوت، کە تايبەتمەند بو بە جەختکردنەوە لەسەر شوێنکەوتنی عەقڵ و خەياڵ و بەستنەوەی ميلۆدی بە توخمە ئەدەبييەکان و سروشت

و مێژو. ئەم ستایلە ڕۆمانتیکە سۆزدارییە، کە لە تێڕاماندا سەریهەڵدا، نهێنی بەهێزی و مانەوەی ئەوەیە کە لە توانایدایە بۆ دابینکردنی سەرچاوە. کاربکات لەسەر خەون و خەیاڵ و حەماسەتی نیشتمانپەروەری. (المحاسب، صبحي، ٢٠٠٠، ٤٣٤).

ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە ئەوەیە، کە بەهاو ئایدیاڵە ڕۆمانتیکییەکان، سەرەتا بزوتنەوەیەکی ئەدەبی بو و ڕاستەوخۆ نەگوازرانەوە بۆ هونەری موزیک. بەڵکو ئەو تایبەتمەندیانە، نەوەیەک دواتر لە هونەرە موزیکییەکاندا ڕەنگیدایەوە. واتە لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەهەم ڕەوتێکی نوێ سەریهەڵدا "ئەویش ڕەوتی نەتەوەییە لە موزیکدا[1]. کاتێک تاکەکانی ناو کۆمەڵگا لە کۆتوبەند ڕزگاریان بو، هەستیان بە بونی خۆیانکرد. ئەمەش هاوتەریب بو لەگەڵ بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسیدا[2]. لێرەوە ئیتر، هونەرمەندانی ئەو وڵاتانە پەنایان بردە بەر تەوەری چیرۆک و ئەفسانە و گۆرانی و سەمای فۆلکلۆری، کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بۆیان ماوەتەوە. لەم کارانە، ماددەیەکی بەپیتیان لێوەرگرت و کردیانە بناغەی کارە هونەرییەکانیان". (بثينة فريد، زين نصار، ١٩٩٨، ١١).

تایبەتمەندییەکانی بزوتنەوەی ڕۆمانتیکی، دەتوانرێت چڕبکرێتەوە لە چەند خاڵێکدا: ١- پەیدابونی هزری نەتەوایەتی. ٢- توندڕەوی لە دەربڕینی هەست. ٣- هەستکردن بە نرخی تاک و توانستەکانی. ٤- ڕێزگرتن لە هۆشمەندی هونەری و ڕەسەنایەتی. ٥- گەڕانەوە بۆ ڕابردوی دور و سەدەکانی ناوەڕاست. ٦- گرنگیدان بە کەلەپوری میللی و لێکۆڵینەوەی بوارەکانی فۆلکلۆر. ٧- لادان لە یاسا و ڕێسا ئەکادیمییەکانی سەردەمی کلاسیک (فريد، طارق حسون، ١٩٩٠، ٣٠٩-٣١٠). لێرەدا دەکرا خاڵێکی تریش ئاماژەی پێبدرایە، ئەویش خۆشەویستی بو بۆ سروشت و پەرۆشی ژیانێکی سادە و دورکەوتنەوە و ڕاکردن لەو واقیعە دروستکراو و لەڕادەبەدەر شارستانیبونە بو.

لە ڕوانگەی دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی بزوتنەوەی ڕۆمانتیکی، بۆمان دەردەکەوێت کە نەتەوایەتی یەکێکە لە بیرۆکە سەرەکییەکانی ئەم بزوتنەوەیە. بە جەختکردنەوە لەسەر زمانەکان و زیندوکردنەوەی ئەفسانە کۆنەکان و گرنگیدان بە دابونەریت و زیندوکردنەوەی هونەرە جەماوەرییەکان بە شیعر و گۆرانی میللیشەوە.

سەردەمی بزوتنەوەی ڕۆمانتیکی بەرپرسە لە هێنانە ناوەوەی کێشەی نەتەوەیی بۆ ناو هونەر و ئەدەب. ئەم کێشەیە کاریگەریی بەجێهێشت لەسەر هەمو بەرهەمە هونەرییەکان. (لايخنتريت، هوجو، ١٩٩٨، ٢٣٢). هەروەها گەشەکردنی ئەو ڕۆحە نەتەوەییە لە موزیکدا، بەتایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو میتۆدۆلۆژیا ڕۆمانتیکییەی کە سیفەتی پیرۆزیی بە نیشتمان دەبەخشێت. ئەمەش هەستی نەتەوەیی لەناو جەماوەردا وروژاند، بۆیە بیرۆکەی باوەڕ بەخۆبون فراوانتر بو. ئیتر لێرەوە بە (پیرۆزکردنی تاکە کەس) ڕۆیشت بەرەو

عەقیدەی پیرۆزکردنی دەوڵەت، بەو پێیەی کە تایبەتمەندییەکانی جیاوازە لەدەوڵەتێکی تر. (عبدالله، علي، ١٩٩٩، ١٢). ئەمە لە لایەک و لەلایەکی تریشەوە، ئەو شەڕ و ناسەقامگیرییە سیاسییانەی کە لە کۆتایی جەنگەکانی ناپلیۆن گەیشتبوە لوتکە. لەهەمان کات بەستنی کۆنگرەی ڤییەنا (١٨١٤-١٨١٥)[3] کە تێیدا بڕیاردرا لەسەر دوبارە کێشانی سنوری دەوڵەتەکان لە ئەوروپا و پێکهێنانی دەوڵەتی نوێ وەک (فینلاند، پۆڵەندا، نەرویج، هەنگاریا و چیکۆسلۆڤاکیا،....هتد). ئەمەش گرژی لە نێوان وڵاتە سەرکەوتوەکان و وڵاتە داگیرکراوەکان (دۆڕاوەکان) دروست کرد. هەمو ئەمانەش بونە هۆکار و ڕێخۆشکەر بۆ دەرکەوتنی هەستی نەتەوایەتی، کە بو بە بیرو باوەڕێکی سەرەکی لەو کاتەدا. بۆ ئەو مەبەستەش "نابێت بەشداری کاریگەرییە سیاسییەکان لەگەڵ کاریگەری گشتی بزوتنەوەی ڕۆمانتیک لەبیر بکرێت لە دروستکردنی موزیکی نەتەوەییدا" (اینشتین، الفرید، ١٩٧٣، ٤٦٢).

بە بۆچونی توێژەر دەبوایە کە ئەنشتاین Albert, Einstein ئاماژەی بە گرنگی و کاریگەریی ئەو شەڕە سەربازییانە بدایە کە لە و ڕۆژانەدا بەرپابو بو. تێبینی ئەوە دەکرێت کە دانیشتوانی وڵاتە ئازادەکان – وەک سویسرییەکان، سویدییەکان، دانیمارکییەکان – کەمتر حەماسەتیان هەبوە لە دروستکردنی موزیکی نەتەوەیی لە چاو وڵاتە ژێر دەستەکان. (هەمان سەرچاوە، ٤٦٢).

بێگومان شتێکی سروشتی هەیە، ئەویش ئەوەیە، هەر کاتێک چەوسانەوە و سەرکوتکردن لەهەر وڵاتێک هەبێت و دانیشتوان بێبەش بکرێن لە ئازادی ڕادەربڕین. ئەو کارە دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ سەرهەڵدانی شێوازی نەتەوایەتی. بۆ نمونە، ئەو هەستە نەتەوایەتییەی کە لە ناخ و دەرونی شۆپان (١٨١٠-١٨٤٩) Frédéric François Chopin[4] سەریهەڵدا، ڕەنگدانەوەی هەبو لە کارە موزیکییەکانیدا. بەتایبەتی کە لە پۆڵەندا سەری خۆی هەڵگرت و باریکرد بۆ پاریس، هەرلەوێش لە غوربەتدا سەری نایەوە. لە ناو کارەکانیدا شۆپان بە سەدان سەمای میللی پۆڵەندی وەک مازۆرکا Mazurka[5] و پۆلۆنیز Polonais[6]ی خاوکردنەوە سەر ڕیتمی لەسەرخۆ و دەیکردن بە بەشێک لە کارە موزیکییەکانی. (دزەیی، هۆمەر، ٢٠١٥، ١٠١).

بۆ هەمان مەبەست بۆچونێک هەیە دەڵێت موزیکی فرێدریک شۆپان هێمایەکی نەتەوەیی بو کە کاریگەرییەکی زۆری هەبو لەسەر وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی پۆڵەندی دژی داگیرکاریی نازییەکان. ئەمەش گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە وای لەئەڵمانییەکان کرد لە ساڵی ١٩٤١دا موزیکەکەی بخەنە لیستی ڕەشەوە. (حجاج، أسامة، ٢٠١٩، ٣).

لەلایەکی ترەوە دەتوانین باس لە کاریگەریی موزیک بکەین لەهاندانی بەرخودان و بەرگریکردن، وەک ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٢ ڕویدا لە کاتی گەمارۆدانی لینینگراد (سانت پترسبۆرگی ئێستا)دا شۆستاکۆڤیچ، دیمتری

(١٩٠٦-١٩٧٥) Shostakovich, Dmitry[7] بۆ یەکەمجار سیمفۆنیای حەوتەمی خۆی نمایشکرد، خەڵک پێستەیان ئەخوارد و کەوتبونە ڕاوکردنی سەگ و پشیلە. برسێتی بوبوە هۆی گیان لەدەستدانی ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوان. بەڵام لە ناو ئەو هەمو گێژاوەدا، دانیشتوان پەنایان بردە بەر موزیک بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ڕۆحی بەرگری. لە ئەنجامدا سیمفۆنیای شۆستاکۆڤیچ بو بە هێمای بەرخودان و بەرەنگار بونەوەی گەمارۆی شارەکە. (سەرچاوەی پێشو، ٤).

## ٢.٢ ئەو وڵاتانەی کە زۆرترین کاریان لەسەر موزیکی نەتەوایەتی کردوە

بەدرێژایی مێژو دەتوانرێت ئەوە پشتڕاست بکرێتەوە، کە موزیک وەک: ئامرازێک بۆ مەبەستی تایبەت بەکارهێنراوە. بۆ نمونە، زۆرێک لە زانایانی موزیکی نەتەوەیی موزیکیان بەکارهێناوە وەک ئامرازێک بۆ بنیاتنانی نەتەوە. (Yi-Chieh Lai, 2018, 14)

لەو ڕوەوە موزیک کاریگەری و ڕۆڵی گرنگی خۆی هەبوە لە بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی و هەروەها بنیاتنانی ناسنامەی نەتەوەییدا. ئەمەش مەبەستی سیاسی بزوتنەوە نەتەوەییەکان بو. بەکارهێنانی موزیک بۆ ئەم جۆرە مەبەستانە، دەتوانرێت لە هەمو جیهاندا لەناو بزوتنەوە نەتەوەییەکاندا بدۆزرێتەوە. موزیک و کولتوری باو لە سەدەی نۆزدەهەمدا بوە جێگەی سەرنجی ناسیۆنالیستەکان لە ئەوروپادا. (Wolfgang Taucher, ,2015, 140)

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە لە چەندین وڵاتی ئەوروپی قوتابخانەی موزیکی نەتەوەیی دروستبو:

**ڕوسیا** هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، هیچ بەشدارییەکی لە پەرەسەندنی موزیک لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا نەبو. پاشان لە ناکاو، لە ماوەی ئەو سەدەیەدا، موزیکی ڕوسی گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی. هەتا ئەو کاتەی بو بە پێشەنگ لە ناو بزوتنەوەی نوێ لە بواری موزیکدا. ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ بونی میراتێکی بە نرخی گۆرانی و میلۆدی و ڕیتمە فۆلکلۆرییە جۆراوجۆرەکان و هەمەچەشنی ئەو ڕەگەزانەی کە لەو وڵاتەدا ئەژیان. (محمد، م.د.خالد یحیی مندوە، ٢٠١٣، ١٣١).

لە سەرەتا دو قوتابخانە بەدەرکەوتن، یەکەمیان لەلایەن چایکۆڤسکیەوە (١٨٤٠-١٨٩٣) Pytor Ilich Tchaikovsky[8] سەرکردایەتی دەکرا. (بثینة فرید، زین نصار، ١٩٩٨، ١١-١٢). ئەم موزیکنوسە یەکێک بوە لە تەوژمە نەتەوەییەکانی ڕوس لە موزیکدا. (عیسا، د. ئەلبێرت، ١٩٩٨، ٧٨). دوەمیان لەلایەن کۆمەڵێک موزیکژەنەوە سەرکردایەتی دەکرا کە لە مێژودا بە پێنج موزیکژەنە گەورەکە ناسراون. ئەوانەش پێکهاتبون لە بالاکیرێڤ (١٨٣٧-١٩١٠) Balakirev, Mily Alexeyevie[9] سیزار کووی (١٨٣٥-١٩١٨) César, Antonovich, Cui[10]، بۆرۆدین، ئالیکسەندەر (١٨٣٤-١٨٨٧)، Borodin, Alexander[11] ڕیمسکی،

کۆرساکۆڤ (١٨٤٤-١٩٠٨)، Nikolay, Rimsky-Korsakov[12] مۆسۆرسکی، مودیست (١٨٣٩-١٨٨١). Mussorgsky, Modest[13] (فرید، طارق حسون، ١٩٩٩، ٤٠). ئەوان لە بەشێکی کارەکانیاندا ئیلهامیان لە ئەدەبی فۆلکلۆری نەتەوەیی، گۆرانی فۆلکلۆری، سەمای نەتەوەیی و سرودی بۆنە ئاینییەکان وەرگرتوە. (المحاسب، صبحي، ٢٠٠٠، ص ٤٤٣). بۆچونێک هەیە کە گلینکا میخائیل ئیڤانوفیتش (١٨٠٤-١٨٥٧) Glinka, Ivanovich[14] Mikhail بە باوکی دامەزرێنەری ئەم گروپە دادەنێت. (بثینة فرید، زین نصار، ١٩٩٨، ١١-١٢). لە هەمان کاتدا دامەزرێنەری ڕاستەقینەی موزیکی نەتەوەیی ڕوسییە. (المحاسب، صبحي، ٢٠٠٠، ٤٤٧). موزیکنوسانی قوتابخانەی نەتەوەیی، لە گەڕانەکانیاندا بە دوای ڕەگی موزیک و میلۆدی نەتەوەییان، کۆمەڵێک میلۆدییان دۆزییەوە، کە پەیژەکانیان جیاواز بون لە پەیژەکانی مێجەر و ماینەر. هەروەها ئاسۆی نوێی تۆناڵی تر (هارمۆنی[15] و پۆلیفۆن[16]) یان دۆزییەوە کە نەک جیاواز بو، بەڵکو دژیەکیش بون لەگەڵ ئەو زمانە ئەکادیمییە موزیکییە هونەرییەی کە لە ئەوروپا بەکاردەهات. کارەکانیان شێوازی نوێی تێدا هاتە ئاراوە بە ڕۆحیەتێکی نیشتمانی و نەتەوەیی سەرنج ڕاکێش، کە بابەتی ئۆپێرا و گۆرانییەکانیان تیادا پێشکەشکرد. (الخولي، د.سمحة، ١٩٩٢، ٧- ٨).

**بۆهیمیا** (کە دواتر بو بە بەشێک لە چیکۆسلۆڤاکیا و دواتریش بەشێک لە کۆماری چیک) دو کەسایەتی کاری زۆریانکرد لە بوژانەوەی موزیکی نەتەوایەتی ئەوانیش بێدریچ سمێتانا (١٨٢٤-١٨٨٤) Bedřich, Smetana[17] و ئانتۆنین دڤۆرژاک (١٨٤١-١٩١١) Antonǐn, Dvořák[18] کە سەمای میللی بۆهیمیان زۆر بەکاردەهێنا لە کارەکانیاندا. (عكاشة، ثروت، ١٩٩٦، ٣٥٢-٣٥٤)

**ئیسپانیا** گەشەکردنی موزیکەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و کۆششەکانی پێشەنگ فیلیپ پدرێل (١٨٤١-١٩٢٢) Felipe, Pedrel[19]. لە ڕێگەی گەڕانەکانی لە موزیکی فۆلکلۆری و لێکۆڵینەوە و نوسین و وانەگوتنەوە و دانراوەکانی. بنەماکانی موزیکی نەتەوەیی ئیسپانیای چەسپاند. هەوڵەکانی بون بە هۆی دەرکەوتنی دانەرانی موزیکی وەک ئیسحاق ئالبینیز (١٨٦٠-١٩٠٩) Albéniz, ǐsaac[20] و ئینریک گرادانۆس (١٨٨٧-١٩١٦) Enrique, Granados[21] و مانویل دی فالە (١٨٧٦-١٩٤٦) Manuel de Falla[22] ....هتد، ئەم هونەرمەندانە کاراکتەری موزیکەکانیان ئیسپانی بو، ئەمەش هۆکارێک بو بۆ بە جیهانی بونیان. (الخولي، د.سمحة، ١٩٩٢، ١٤).

**نەمسا و هەنگاریا** (کە ئەوسا یەک وڵات بون) یوهانز برامز (١٨٣٣-١٨٩٧) Brhams, Johannes[23] و فرانز لیست (١٨١١-١٨٨٦) Franz Liszt [24] (سيدهم، ديانا جورج عطا الله. ٢٠١٧، ١٦٣). ئاوازی سەما و گۆرانی قەرەجەکانیان ( چیگان ) بەکاردەهێنا (دزەیی، هۆمەر، ٢٠١٥، ١٠٢). لە پاش ئەوانیش بێلا بارتۆک (١٨٨١-١٩٤٥) Béla Bartõk[25] میری مەجەڕستان نازناوی (کوڕی گەل)ی پێبەخشی. (صاڵح، یاسین صابر،

٢٠٠٩، ٣١٤). و زۆڵتان کۆدای ( ١٨٨٢-١٩٦٧ )Zoltan, Koday[26] ئەو دو هونەرمەندە ڕۆڵی گەورەیان بینی، چونکە بەهۆی ئەمانەوە هەنگاریا لەناکاو هەنگاوی نا بۆ پێشەوە و بو بە شوێنێکی پیرۆز بۆ توێژەرانی موزیکی میللی لە هەمو جیهاندا. هەروەها لە داهێنانی موزیکی هاوچەرخدا جێگەیەکی بەرچاوی داگیرکرد..... دەنگی نەتەوەیی ڕاستەقینەی خۆیان بەخشی بە جیهان و ئیلهامیان لە موزیکە باوەکان وەرگرت کە لە قوڵایی لادێکانەوە کۆیانکردەوە. (سیدهم، دیانا جورج عطا الله. ٢٠١٧، ١٦٣). لە کۆتاییدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو هونەرمەند و موزیکنوسانە سەما و گۆرانی فۆلکلۆری و میللی وڵاتەکانیان زۆر سەرکەوتوانە خستۆتە ناو کارە موزیکییەکانیانەوە.

## ٣.٢ هەندێک لەو سرودە نەتەوایەتییانەی کە بەشێوەیەکی بەرچاو دەرکەوتون

شایانی باسە، لەم تەوەرەدا دەبێت ڕۆشنایی بخەینە سەر لایەنێکی تری ئەم چالاکییە مرۆییە، ئەوەی پێیان دەوترێت سرود. چونکە ئەو وڵاتانەی کە کەوتونەتە ناو ململانێی نەتەوەیی. بۆ گەیاندنی ئاوات و دید و خەونی نەتەوەیی خۆیان، ئەم جۆرە چالاکییە موزیکییە یان، مرۆییەیان گرتۆتەبەر. بەتایبەتی ئەو گەلانە یان کۆمەڵگایانەی کە لە دژی دەسەڵاتی داگیرکەر خەباتیان دەکرد، پشتیان بەم جۆرە چالاکییانە بەستوە. بۆ گەیاندنی بیرۆکەکانیان و هاندانی هاووڵاتیانیان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و خاک و داهاتویان. بزوتنەوە موزیکییەکان و بە تایبەتی کۆراڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم دیاردەیەکی نەتەوەیی بون. (Krisztina Lajosi and Andreas Stynen, ,2015, 1).

ئەم سرودە نەتەوەییانەی جیهانی ڕۆژئاوا "هەمویان بە هێزەوە کاردەکەن بۆ بەدەستهێنانی یەکێتییەک لە کۆمەڵگادا، هەروەها بنیاتنانی یان پاراستنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی". (Yalçın ERDEN, 2019, 44)

**سرودی نەتەوەیی فەرەنسا:** بە (لە مارسەییز) La marseillaise ناسراوە، گۆرانییەکی جەنگی شۆڕشگێڕانە و سرودی ئازادی بو، دواتر لە ساڵی ١٧٩٥ بوە سرودی نەتەوەیی فەرەنسا. نوسین و ئاوازی کلۆد جۆزێف ڕۆگێت دی لیسلی (١٧٦٠-١٨٣٦) Claude-Joseph Rouget de Lisleیە و لە ساڵی ١٧٩٢ لە شاری ستراسبۆرگ دایناوە بە ناونیشانی (گۆرانییەکی جەنگی سوپای ڕاین). مێژوی ئەم سرودە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە فەرەنسا جەنگی ڕاگەیاند لە دژی نەمسا"[27]. (سرودی نیشتمانی فەرەنسا، ٢٠٢٢، ئۆنلاین).

لە کاتی گەیشتنی سوپای فەرەنسا لە ستراسبۆرگەوە بۆ مارسیلیا، شەوەکەی لە کاتی ئاهەنگگێڕاندا خۆبەخشەکان ئەم سرودەیان گوت، یەکسەر ئامادەبوان پەرۆش بون و بە پەلە دەستیانکرد بە وتنەوەی. بۆ ڕۆژانی دواتر، کاتێک ئەو کەتیبەیە بەرەو پاریس بەڕێپیوان بەڕێکەوتن، سەربازەکان دەستیانکرد بە وتنی

سرودەکە. لەو گوند و شارۆچکانەی کە پیایاندا تێدەپەڕین، خەڵکەکە چێژیان لێوەرگرتو ناویاننا سرودی مارسیلیا و دواتر ناوەکە کورتکرایەوە بۆ: لەمارسەییز. (Michael Jamieson Bristow, 2006, 194)

بەشێک لەهۆنراوەی سرودی لەمارسەییز:

| | |
|---|---|
| هەستن ئەی نەوەی نیشتمان | Allons enfants de la Patrie, |
| زەنگی شکۆمەندی لێدرا | Le jour de gloire est arrivé! |
| دژی ئێمە بەستەمکاری | Contre nous de la tyrannie, |
| ئاڵای خوێناوی لە ڕوخسارمان هەڵکرا | L'étendard sanglant est levé |
| ئاڵای خوێناوی لە ڕوخسارمان هەڵکرا | L'étendard sanglant est levé! |
| ئایا لەگەڵ شریخەی دەنگماندا | Entendez-vous dans les campagnes |
| گوێتان لەناڵەی سەربازە دڕندەکانە؟ | Mugir ces féroces soldats? |
| کە دێنە سەر جێگاکانمان | Ils viennent jusque dans nos bras |
| بۆ سەربڕینی کوڕان وئافرەتانمان! | Egorger nos fils et nos compagnes! |


(سرودی نیشتمانی فەرەنسا، ٢٠٢٢، ئۆنلاین).

لەم هۆنراوەیەدا، تیشک خراوەتە سەر جدیەتی هەڕەشەکە و گەنج و لاوی وڵات هاندەدات بۆ شەڕکردن و بەرەنگار بونەوەی دوژمن لە پێناوی پاراستنی نیشتماندا. دوژمنەکان بە خایین و ستەمکار وەسف دەکات و سەربازی وڵاتەکەی وەک جەنگاوەری قارەمان و مەزن وەسف دەکات. کە هەوڵدەدات لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی و شکۆمەندی لە ژێر ئاڵای فەرەنسادا.




(نۆتەی سرودی لامارسیل، ٢٠٢٢).

**سرودی یۆنانی:** لەسەر بنەمای (سرودی ئازادی) دانراوە و نوسراوە لەلایەن شاعیرێکی دیاری دورگەی زاکینتۆس، دیۆنیسۆس سۆلۆمۆس (١٧٩٨-١٨٥٧) Dionysios Solomos. لە ماوەی ساڵی ١٨٢٨دا نیکۆلاۆس مانتزارۆس (١٧٩٥-١٨٧٢) Mantzaros Nikolaos موزیکی بۆ ئەم سرودە ئامادەکردوە، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی وەک سرودی نیشتمانی. چونکە ئەم سرودە، لە سەردەمی شۆڕشەوە لەڕادەبەدەر بەناوبانگ بوە و زۆرجار لە کاتی کۆبونەوە و ئاهەنگەکانی نیشتمانپەروەریدا دەخوێندرایەوە یان دەوترایەوە. (سرودی نیشتمانی یۆنان، ٢٠٢٢، ئۆنلاین).




(نۆتەی سرودی نیشتمانی یۆنان، ٢٠٠٢، ئۆنلاین).

بەشێک لەهۆنراوەی سرودی نیشتمانی یۆنان

| | |
|---|---|
| Σε ξέρω από την άκρη | من هەمیشە دەتناسمەوە |
| του σπαθιού το φοβερό, | بەو شمشێرە ترسناکەی کە هەڵتگرتوە، |
| Σε ξέρω εξ όψεως | هەر بەبینینت دەتناسم |
| που με το ζόρι μετρά τη γη. | تۆ بەهێز زەوی دەپێویت |
| Λαμβάνεται από τα οστά | لە ئێسکەکانەوە وەرگیراوە |

| | |
|---|---|
| پیرۆزگاکانی یۆنانییەکان | τα ιερά των Ελλήνων |
| وەک یەکەم کەس | και ως πρώτος επανδρωμένος |
| سڵاو، سڵاو، ئەی ئازادی | Χαίρε, Χαίρε, Ελευθερία! |

(سرودی نیشتمانی یۆنان، ٢٠٢٢، ئۆنلاین)

**سرودی کاتیوشا:**

هۆنراوەکەی لەلایەن هۆنەر میخائیل ئیسانۆڤسکی (١٩٠٠-١٩٧٣) Mikhail Isanovsky نوسراوە. لە ساڵی ١٩٠٠ لە پارێزگای سمۆلێنسکی سۆڤیەت لەدایکبوە. نوسەری چەندین شیعر و گۆرانییە، بەناوبانگترینیان هۆنراوەی (کاتیۆشا)یە. ئەم بەرهەمە لەلایەن ئاوازدانەر ماتڤی بلانتەر (١٩٠٣-١٩٩٠) Matvey Blanterەوە ئامادەکراوە، کە یەکێکە لە دیارترین ئاوازدانەرانی گۆرانی فۆلکلۆر و موزیکی فیلم لە یەکێتی سۆڤیەت. (کیوپۆست، ٢٠١٩، ئۆنلاین).

ئەم گۆرانییە پێش جەنگ بوە یەکێک لە گۆرانییە دڵخوازەکانی شەڕی نیشتمانپەروەری گەورە و بوە بنەمای ژمارەیەکی زۆر لە گۆڕانکارییەکان. (کاتیۆشا، ٢٠٠٦، ئۆنلاین). بەڵام، وەک بەرهەمێکی ئۆرکسترالی بۆ یەکەمجار، لەپاییزی ساڵی ١٩٣٨ لە کاتی کۆنسێرتێکی ئۆرکێسترای جازدا بڵاوکرایەوە و ناوبانگی دەرکرد. لەگەڵ چونە ناوەوەی یەکێتی سۆڤیەت بۆ جەنگ لە ساڵی ١٩٣٩. ناوبانگەکەی گەیشتە لوتکە، ئەویش لە ئەنجامی وتنەوەی ئەو سرودە بو، لەلایەن خوێندکارانی کۆلێژی مۆسکۆ. وەک ماڵئاواییەک لە کۆمەڵێک سەرباز کە بەشداربون لە جەنگەکەدا. (حجاج، أسامة، ٢٠١٩، ٤).

هۆنراوەی ئەم بەرهەمە باس لە چاوەڕوانی کچێکی گەنج بۆ خۆشەویستەکەی دەکات، کە یەکێک بو لەو گەنجانەی ببون بەسەربازی وڵاتەکەیان لە جەنگی جیهانی دوەمدا. بەو پێیەی کە زۆرێک لە پیاوان، هاوسەر و هاوڕێ کچەکانیان بەجێهێشتبو. لە پێناوی بەشداریکردن لەو شەڕە، بە مەبەستی بەرگریکردن لە خاک و نیشتمان. پاشان ئەم سرودە وەک پریشکێک گڕی بەردایە هەستی شۆڕشگێڕان لە هەمو جیهان، دژی ڕژێمە دیکتاتۆر و ستەمکار و داگیرکەرەکان. (کیوپۆست، ٢٠١٩، ئۆنلاین).

بەشێک لە هۆنراوەی سرودی کاتیۆشا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| إلى الجندي البعيد عند الحدود | بۆ ئەو سەربازەی دورە لە سنور |
| من كاتيوشا أوصلي السلام | سڵاوی کاتیوشای پێ بگەیەنە |

| | |
|---|---|
| لعله يفكر بالعذراء القروية | ڕەنگە ئەویش بیر لە کچە گوندنشینەکە بکاتەوە |
| لعله يسمع أغنية كاتيوشا | لەوانەیە گوێی لە گۆرانییەکەی کاتیۆشا بێت |
| وكما تحرس أرض الوطن العزيز | وەک ئەو چۆن پارێزگاری لەخاک ونیشتمانی ئازیز دەکات |
| سوف تحرس كاتيوشا حبها إلى الأبد | کاتیۆشاش خۆشەویستییەکەیان بۆ هەمیشە دەپارێزێت |

(حجاج، أسامة، 2019، 4-5).

ئەوەی شایانی ئاماژەپێکردنە (کاتیۆشا) لە کچەکەوە تەنیا نەگەیشتە خۆشەویستەکەی، بەڵکو ناوبانگی ئەم سرودە پاشان گەیشتە زوربەی سەرباز و شەرڤانانی دیکە لە هەمو جیهان. وشەکانی گۆڕا بۆ زمانە جیاوازەکانی وەک ئیتالی و یۆنانی و چینی و تورکی وعەرەبی و کوردی......هتد. لەلایەکی ترەوە ناوبانگی ئەم سرودە وایکرد، لە جەنگی دوەمی جیهانیدا ئەم ناوە بۆ جۆرە چەکێکی موشەک هەڵگر ناوبنێن (کاتیۆشا). کە تائێستاش ئەوچەکە بەو ناوەوە ناسراوە.




(کاتیۆشا، ٢٠٠٦، ئۆنلاین).

## سرودی بێلا چاو:

Bella Ciao وشەیەکی ئیتاڵیە بەواتای (چۆنی جوانکیلە) گۆرانییەکە ئەو ئافرەتانە دەیانوتەوە کە لە کێڵگە برنجییەکان لە Po Valley لە باکوری ئیتاڵیا کاریان دەکرد. هۆنراوەکەی باسی لە ژیانی سەختی ئەوان

دەکرد. لە کاتی جەنگی جیهانی دوەمدا. پاشان تێکستەکە گۆڕا و بو بە سرودێکی بەرگری و جەنگکردن دژی داگیرکەر، بەڵام بەبێ گۆڕینی ناونیشانەکەی (Bella Ciao). (Silverman,Jerry, 2011, 43)

پاشان سرودەکە بڵاوبوەوە لە سەرانسەری جیهاندا و بە زمان و تێکستی جیاواز وەک سرودێکی دژە فاشیست و ئازادی و بەرخۆدان دەگوترایەوە.



(بێللا چاو، ٢٠٢٢، ئۆنلاین).

بەشێک لە هۆنراوەی سرودی بێللا چاو:

| | |
|---|---|
| e le genti che passeranno | ئەوخەڵکەی کە تێدەپەڕن |
| mi diranno «che bel fior.» | پێم دەڵێن (چ گوڵێکی جوانە) |
| Questo è il fiore del partigiano, | ئەمە گوڵی پارتیزانە |
| o bella ciao, bella ciao, bella ciao ciao ciao, | ئای جوان، ماڵئاوا، جوان، جوان، بای، بای، بای، |
| questo è il fiore del partigiano | ئەمە گوڵی پارتیزانە |
| morto per la libertà | کە بۆ ئازادی مرد |

(هەمان سەرچاوەی پێشو).

## ٤.٢. ئەنجامی توێژینەوە:

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا گەیشت بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- ئاراستەی نەتەوەیی لە موزیکدا کۆت و بەندەکانی پەیوەست بون بە فۆرمی داڕشتنی موزیکی شکاند و توانی کۆمەڵێک پەیژەی نوێی گەلان بخاتە نێو موزیکی جیهانی.

٢- هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لە موزیکدا جیاوازی هەیە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بۆ نمونە، لە ڕوسیا بۆ دەرچون بو لە کاریگەری موزیکی ئیتالی و ئەڵمانی، لە ئیسپانیا دەرچون بو لە ژێر

کاریگەری موزیکی فەرەنسی و ئیتاڵی. بەڵام لە چیک بەشێک بو لە بەرەنگاربونەوەی داگیرکاری نەمسا بۆ وڵاتەکەیان.

٣- سەرچاوەی سەرەکی و هەوێنی کارە موزیکییەکان لە گۆرانی میللی و فۆلکلۆری و سەما میللییەکان وەردەگیران بەڵام، بەشێک لە موزیکدانەران تەواو لەگەڵ موزیکی میللی خۆیان ئاوێتە بو بون. بۆیە کە ئاوازی نوێشیان دادەهێنا، هەمان ئەو هەستەی دەدا کە موزیکە میللییەکە دەیبەخشی.

٤- وێناکردنی نیشتمان و جوانییەکەی، ئاڕاستەیەکی سەرەکی گوزارشتی موزیکی نەتەوەیی بو.

٥- سرودە نەتەوەییەکانی ئەوروپا بە هێزەوە بۆ بەدەستهێنانی یەکێتییەک لە کۆمەڵگادا کاریان کردوە بۆ بنیاتنان و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی.

## ٥.٢. پێشنیار و ڕاسپاردەکان:

پێشنیارمان بۆ توێژەرانی کورد ئەوەیە کە توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدەن لەسەر ڕەهەندی سیاسی ئەو بەرهەمە موزیکی و سرودە نەتەوەییە کوردییانەی کە لە ڕابردودا ئەنجامدراون.

هەروەها کارکردنی زیاتر لەسەر بەرهەمە فۆلکلۆریەکان و گونجاندنیان لەگەڵ دانانە ئۆرکێستراڵییەکان، بە مەبەستی ئاشناکردنیان بە جیهانی دەرەوە.

ڕاسپاردەی توێژەر بۆ لایەنی پەیوەندیدار بە مەبەستی گرنگیدانی زیاتر بە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان و کۆکردنەوە و نۆت کردنیان بە مەبەستی پاراستن و سود وەرگرتن لێی لە بواری دانانی موزیکی.

# The political dimension of music and national anthems (Europe) for example

**Ari Qadir Mohammed[1]- Hatham Shaoobi Ibrahim[2] - Rzgar Mohammed Sheikh Mohammed [3]**

[1+3] Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2] Department of Art Education, College of Primary Education, Mustansiriyah University, Baghdad, Baghdad, Iraq.

**Abstract:**

This research is based on historical and descriptive methods, scientifically includes several articles, which discusses the political situation that occurred and what impact it had on instrumental and vocal music in Europe.

The mythological content of this research consists of several chapters: The first chapter is about the history of national music in Europe and the political situation that facilitated and encouraged the formation of this kind of view and work on music. The second chapter discusses the countries that have done the most work on national music such as (Russia, Bohemia, Spain, Austria, Hungary, France and Italy) with the presentation of the prominent artists who have played a significant role in this field. Then, in the third chapter, four of the national anthems that have appeared significantly around the world are discussed.

**Keywords:** Political Dimension, National Music, National Anthem.

## ٦.٢. لیستی سەرچاوەکان:

حەمە، توانا(٢٠١٧)، موزیک و سیاسەت، چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

دزەیی، هۆمەر(٢٠١٥)، چیرۆکی مۆزیکی کلاسیک، IMAK OFSET، چ١، ئیستامبۆڵ.

صاڵح، یاسین صابر(٢٠٠٩)، ئینساکلۆپیدیای گشتی چ٢، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

قەرەداغی، زۆزک(٢٠٠٩)، ناودارانی موزیکی جیهانی، ب٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

أبو سرية، رجب(١٩٨٩)، الأغنية السياسية الجديدة في الوطن العربي، دار الأهالي، دمشق.

بثينة فريد، زين نصار(١٩٩٨)، القومية وأعلام الموسيقا في أوربا ومصر، مكتبة مدبولي، القاهرة.

تيتون، جيف تود، عوالم من الموسيقى مقدمة لموسيقى شعوب العالم، ج ١، ترجمة حسام الدين زكريا، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

حجاج، أسامة(٢٠١٩)، مصر العسكرية وأغاني الحروب الوهمية، المعهد المصري للدراسات، القاهرة.

حسن، د.شهرزاد قاسم(١٩٨١)، دراسات في الموسيقى العراقية، ط١، دار النعمة للطباعة، بيروت.

الحلو. سليم(١٩٧٢)، الموسيقى النظرية، الطبعة الثانية، منشورات دار مكتبة الحياة بيروت، لبنان.

حنانا(٢٠٠٨)، معجم الموسيقى الغربية الأعلام-المصطلحات- الأعمال الموسيقية، الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق.

الخولي، د.سمحة(١٩٩٢)، القومية في موسيقا القرن العشرين، عالم المعرفة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت.

زكريا، حسام الدين(٢٠٠٤)، المعجم الشامل للموسيقى العالمية، ج١، لطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

شاكر، د.محمد عزيز(١٩٩٣)، علم الهارمونية، دار الحصاد للنشر والتوزيع، دمشق.

عبدالله، علي(١٩٩٩)، دراسات موسيقية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

عكاشة، ثروت(١٩٩٦)، الزمن و نسيج النغم، ج ١٤، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ط٢، القاهرة.

علي، أسعد محمد(١٩٧٤)، مدخل الى الموسيقى العراقية، دار الحرية للطباعة، بغداد.

عماد حموش(١٩٩٨)، و المترجمون، وزارة الثقافة، المعهد العالي للموسيقى دمشق.

الفريد اينشتين(١٩٧٣)، الموسيقى في العصر الرومانتيكي، ترجمة، د.أحمد حمدي محمود، الهيئة المصرية العامة للكتاب، دار التأ ليف والنشر.

فريد، طارق حسون(١٩٩٩)، تأريخ الفنون الموسيقية، الجزء الثاني، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد.

فيشر. آرنست(١٩٧٣)، الإشتراكية والفن، الطبعة الأولى، ترجمة أسعد حليم، دار القلم بيروت، لبنان.

فيكتور(١٩٩٨)، بابينكو، تحليل القوالب الموسيقية، (عماد حموش، و ماجد دحدل، المترجمون)، وزارة الثقافة، المعهد العالي للموسيقى دمشق.

لانج، بول هنري(١٩٨٤)، الموسبقى والحضارة الغربية من بتهوفن الى أوائل القرن العشرين، ترجمة، د.أحمد حمدي محمود، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب.

لايخنتريت، هوجو(١٩٩٨)، الموسيقى والحضارة، ترجمة د.أحمد حمدي محمود، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

المحاسب، صبحي(٢٠٠٠)، قصة الموسيقا والحضارة في الغرب، ج3، مطابع وزارة الثقافة، دمشق.

محجوب، د.هالة(٢٠٠٧)، جماليات فن الموسيقى عبر العصور، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنسر، الأسكندرية.

يونس، د. عبد الحميد(١٩٨٣)، معجم الفلكلور، مكتبة لبنان، ط١، بيروت.

ABIAKWU, CHIMA ALBERT(2020), THE RELEVANCE AND CONTRIBUTIONS OF MUSIC TO SOCIO-POLITICICAL AWARENESS, NNAMDI AZIKIWE UNIVERSITY, DEPARTMENT OF MUSIC, NIGERIA,.

Krisztina Lajosi and Andreas Stynen(2015), *Choral Societies and Nationalism in Europe*, Koninklijke Brill NV, Leiden, Netherlands, Boston,.

Michael Jamieson Bristow,( 2006) *National Anthems of the World*, (11.ed.)UNKNO,London,.

Naoko Hosokawa(2018)،1- *National Anthem Controversy and the 'Spirit of Language*' Myth in Japan،2nd Global Conference Music and Nationalism, European University Institute, Florence,.

Silverman, Jerry(2011). *Songs That Made History Around the World*. Mel Bay Publications, USA.

Wolfgang Taucher(2015), *Mathias Vogl*, *Peter Webinger*,*THE KURDSHistory - Religion - Language* – Politics, Austrian Federal Ministry of the Interior.

Yalçın ERDEN (2019), National Anthems as Unifying Tools: A Comparative Analysis of Selected Western National Anthems, Karabuk University Turkey, Eurasian Journal of English Language and Literature, Vol. 1 No. 2.

Yi-Chieh Lai (2018), CHINESE ZHENG AND IDENTITY POLITICS IN TAIWAN, A DISSERTATION SUBMITTED TO THE GRADUATE DIVISION OF THE UNIVERSITY OF HAWAI'I AT MĀNOA IN PARTIAL FULFILLMENT OF THE REQUIREMENTS FOR THE DEGREE OF DOCTOR OF PHILOSOPHY IN MUSIC,.

چایکۆڤسکی(٢٠٢٣)، ئۆنلاین. ئەم ماڵپەڕە لەلایەن توێژەرەوە لە مانگی (نەورۆز)ی ٢٠٢٣ سەردانی کراوە.

https://www.britannica.com/biography/Pyotr-Ilyich-Tchaikovsky

سیزار کۆوی(٢٠٢٣)، ئۆنلاین. ئەم ماڵپەڕە لەلایەن توێژەرەوە لە مانگی (نەورۆز)ی ٢٠٢٣ سەردانی کراوە.

https://www.britannica.com/biography/Cesar-Cui

مانوێل دی فالیا(٢٠٢٣)، ئۆنلاین. ئەم ماڵپەڕە لەلایەن توێژەرەوە لە مانگی (نەورۆز)ی ٢٠٢٣ سەردانی کراوە.

https://www.britannica.com/biography/Manuel-de-Falla

یۆهانز برامز(٢٠٢٣)، ئۆنلاین. ئەم ماڵپەڕە لەلایەن توێژەرەوە لە مانگی (نەورۆز)ی ٢٠٢٣ سەردانی کراوە.

https://www.britannica.com/biography/Johannes-Brahms

سرودی نیشتمانی فەرەنسا(٢٠٢٢)، ئۆنلاین. ئەم ماڵپەڕە لەلایەن توێژەرەوە لە مانگی (ڕەشەمێ)ی ٢٠٢٢ سەردانی کراوە.

http://nationalanthems.info/fr.htm

نۆتەی سرودی لامارسیل(٢٠٢٢)، ئۆنلاین. ئەم ماڵپەڕە لەلایەن توێژەرەوە لە مانگی (ڕەشەمێ)ی ٢٠٢٢ سەردانی کراوە

http://nationalanthems.info/fr~.gif

سرودی نیشتمانی یۆنان(٢٠٢٢)، ئۆنلاین. ئەم ماڵپەڕە لەلایەن توێژەرەوە لە مانگی (ڕەشەمێ)ی ٢٠٢٢ سەردانی کراوە

http://nationalanthems.info/gr.htm

نۆتەی سرودی نیشتمانی یۆنان(٢٠٢٢)، ئۆنلاین. ئەم ماڵپەڕە لەلایەن توێژەرەوە لە مانگی (ڕەشەمێ)ی ٢٠٢٢ سەردانی کراوە

http://nationalanthems.info/gr~.gif

کیوپۆست(٢٠١٩،، ئۆنلاین. ئەم ماڵپەڕە لەلایەن توێژەرەوە لە مانگی (ڕێبەندان)ی ٢٠٢٢ سەردانی کراوە

https://www.qposts.com/%D9%83%D8%A7%D8%AA%D9%8A%D9%88%D8%B4%D8%A7-

کاتیۆشا(٢٠٠٦)، ئۆنلاین. ئەم ماڵپەڕە لەلایەن توێژەرەوە لە مانگی (ڕێبەندان)ی ٢٠٢٢ سەردانی کراوە.

http://nationalanthems.info/gr.htm

بێلا چاو(٢٠٢٢)، ئۆنلاین. ئەم ماڵپەڕە لەلایەن توێژەرەوە لە مانگی (ڕێبەندان)ی ٢٠٢٢ سەردانی کراوە

https://en.wikipedia.org/wiki/Bella_ciao

مؤتمر فینا(٢٠٢١)، ئۆنلاین. ئەم ماڵپەڕە لەلایەن توێژەرەوە لە مانگی (گەلاوێژ)ی ٢٠٢٢ سەردانی کراوە

https://www.marefa.org/%D9%85%D8%A4%D8%AA%D9%85%D8%B1_%DA%A4%D9%8A%D9%8A%D9%86%D8%A7

حروب الثورة الفرنسية(٢٠٢٢)،، ئۆنلاین. ئەم ماڵپەڕە لەلایەن توێژەرەوە لە مانگی (گەلاوێژ)ی ٢٠٢٢ سەردانی کراوە

https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AD%D8%B1%D9%88%D8%A8_%D8%A7%D9%84%D8%AB%D9%88%D8%B1%D8%A9_%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%B1%D9%86%D8%B3%D9%8A%D8%A9

عیسا، د.ئەلبێرت(١٩٩٨)، هەر ئامێرێ لەناو مۆسیقای کوردیدا دەوری خۆی دەبینێ، بەمەرجێ تەکنیکەکەی کوردی بێ، گۆڤاری ڕامان ژ٢٨، دەزگای ڕۆشنبیری وڕاگەیاندنی گوڵان، هەولێر.

سيدهم، ديانا جورج عطا الله(٢٠١٧). سمات الاوبرا التشيكية من خلال أوبرا روزالكا لدفورجاك. المجلة العلمية لكلية التربية – جامعة اسيوط()، المجلد الثالث والثلاثين – العدد التاسع – الجزء الثاني.

فياض، د. ليلى مليحة(١٩٩٢)، موسوعة أعلام الموسيقى العرب والأجانب، دار الكتب العلمية، بيروت.

محمد، م.د.خالد يحيى مندوه(٢٠١٣)، دراسة تحليلية لبعض مؤلفات مصنف(١١) لآلة البيانو عند نيكولاي ريمسكي كورساكوف، مجلة علوم التربية الموسيقية، جامعة الحلوان، كلية التربية الموسيقية، المجلد ٢٧، الحلوان.

## پەراوێزەکان:

1- توێژەر: دەکرێ بڵێین جەختکردنەوە لەسەر ناسیۆنالیزم، یەکێکە لە بیرۆکە و بنەما سەرەکییەکانی بزوتنەوەی ڕۆمانتیک.

2- توێژەر: وەک دەسەڵاتی چینی کرێکار و ئازادی ڕادەربڕین و کۆتایی هاتنی موڵکداریتی و شۆڕشی پیشەسازی.

3- کۆنگرەی ڤیەنا کۆبونەوەیەک بو، لە نێوان کۆتاییەکانی ساڵی ١٨١٤ تا سەرەتای ساڵی ١٨١٥ بەڕێوەچو. بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکیانەی کە لە شەڕی نێوان فەرەنسا و باقی ئەوروپادا سەریان هەڵدا. کە نزیکەی بیست و پێنج ساڵی خایاند. (مؤتمر فینا، ٢٠٢١، ئۆنلاین).

4- شۆپان: پیانۆژەنێکی پۆڵۆنییە، موزیکنوسێکی دیاری سەدەی ڕۆمانتیکە، بەناوباگترین بەرهەمەکانی: یەک تریۆ بۆ پیانۆ و ئۆرکێسترا، یەک سۆناتەی چێلۆ و پیانۆ، ١٧ ئاوازی لوهستانی بۆ ئۆرکێسترا، ڤایرەیشنێک بۆ فلوت، ٢ کۆنشێرتۆی پیانۆ و ئۆرکێسترا، پۆڵۆنیز بۆ پیانۆ و ئۆرکێسترا. (١٤ پۆڵۆنیز، ٥١ مازۆرکا، ٢٦ پرلیود، ٣ ئیتۆدی تازە، ١٩ ڤاڵس، ٤ بالاد، ٤ ئیمپرۆمیتۆس، ٤ شرۆ، ٣ سۆناتا، مارشی سی بیمۆل، ٤ ڕۆندۆ، ٤ ڤایرەیشن و پارچەی بچوک، فەنتازی فامایەنر، ٤٩ ئۆپۆز و بارکارولا، ٦٠ ئۆپۆز) بۆ ئامێری پیانۆ. شۆپان ساڵی ١٨٤٩ لە پاریس کۆچی دوایی کردوە. (قەرەداغی، زۆزک، ٢٠٠٩).

5- سەمایەکی میللی پۆڵەندییە تایبەتمەندە بە ڕیتمێکی سیانی ستریس Accent لەسەر ترپەی دوەم. (زکریا، حسام الدین، ٢٠٠٤، ٣٠٦)

6- سەمایەکی پۆڵەندییە بەڕیتمی سیانی کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزەهەم. (زکریا، حسام الدین، ٢٠٠٤، ٤٠٩).

7- شۆستاکۆڤیچ، دمتری: پیانۆژەن، مایسترۆ و موزیکنوسێکی ڕوسیە. بەناوبانگترین بەرهەمەکانی: ٣ ئۆپرا، یەک بالیە، ژمارەیەک موزیکی شانۆ و فیلم، ١٥ سیمفۆنی، یەک کۆنشێرتۆی پیانۆ، ترومپێت و ئامێرە ژێدارەکان، یەک کۆنشێرتۆی پیانۆ، ٢ کۆنشێرتۆی ڤایۆلین، ٢٤ پرلیود بۆ پیانۆ، ٢٤ پرلیود و فوگە بۆ پیانۆ، ٢ سۆناتای پیانۆ، ٨ کوارتێتی ژێدارەکان و چەندین میلۆدی. (قەرەداغی، زۆزک، ٢٠٠٩، ١١٤)،

8- چایکۆڤسکی: بەناوبانگترین موزیکنوسی ڕوسییە. کارەکانی بریتین لە: ٧ سیمفۆنیا، ١١ ئۆپێرا، ٣ بالێ، ٥ سویت، ٣ کۆنشێرتۆی پیانۆ، کۆنشێرتێکی کەمان، ١١ ئۆڤەرچور، ٤ کانتاتا، ٢٠ بەرهەمی کۆراڵ، ٣ کوارتێتی ژێدار، سێکستێتێکی ژێدار، و زیاتر لە ١٠٠ گۆرانی و پارچە موزیکی پیانۆ. (چایکۆڤسکی، ٢٠٢٣، ئۆنلاین) .

9- بالاکیرڤ: موزیکنوس و ڕابەری ئۆرکێسترا و بەڕێوەبەری موزیک بوە، لە کۆشکی قەیسەری ڕوسیا. بەناوبانگترین بەرهەمەکانی: ٢ سیمفۆنیا، پۆیم سیمفۆنی، ژمارەیەک پارچەموزیک بۆ ئامێری پیانۆ، ژمارەیەک گۆرانی سۆزداری، هەروەها چەندین گۆرانی فۆلکلۆری کۆکردۆتەوە و تۆماری کردون. (حنانا، محمد، ٢٠٠٨، ٢٥)

10- سیزار کۆوی: موزیکنوس و ڕەخنەگرێکی موزیکی و ئەندازیاری سەربازی ڕوسییە. بەناوبانگترین بەرهەمەکانی: ١٠ ئۆپێرا، چەندین ئاوازی کورت بۆ پیانۆ و گۆرانییە. (سیزار، کۆوی، ٢٠٢٣، ئۆنلاین).

11- بۆرۆدین، ئالیکسەندەر: موزیکنوسێکی ڕوسییە، وەکو مامۆستای کیمیا لە کۆلێژی پزیشکی سەربازی کاریکردوە. بەرهەمەکانی: ٣ سیمفۆنی، ٢ کوارتێتی ژێدار، پۆیم سیمفۆنی، ژمارەیەک گۆرانی، بەناوبانگترین بەرهەمی ئۆپێرا بەناوی (پرێنس ئیگۆر یان ئەمیر ئیگۆر). (فیاض، د. لیلی ملیحة، ١٩٩٢، ٨٥)

12- ریمسکی، کۆرساکۆڤ: موزیکنوس و ڕابەری ئۆرکێسترای ڕوسییە. بەرهەمەکانی: ١٠ ئۆپێرا، ژمارەیەک کاری ئۆرکێسترالی، کۆمەڵێک کاری موزیکی ژور، بەرهەمی کۆراڵی و گۆرانی. (حنانا، محمد، ٢٠٠٨، ٢٩).

13- مۆسۆرسکی، مودیست: موزیکنوسێکی قوتابخانەی نەتەوایەتی ڕوسییە. بەرهەمەکانی: ئۆپێرایەکی تەواو و چوار ئۆپێرای تەواونەکراو و پارچە موزیکێک بۆ ئۆرکێسترا، چەند کارێک بۆ ئامێری پیانۆ لەگەڵ چەندین گۆرانی. (حنانا، محمد، ٢٠٠٨، ٨٢).

[14] - گلینکا میخائیل ئیفانوفیتش: موزیکنوسێکی ڕوسییە. بەرهەمەکانی: ٢ ئۆپێرا و ژمارەیەک بەرهەمی ئۆرکێسترالی و ئۆڤەرچەری هەمەچەشن و ژمارەیەک بەرهەمی موزیکی ژور و پارچە موزیک بۆ ئامێری پیانۆ و کۆمەڵێک گۆرانی). (حنانا، محمد، ٢٠٠٨، ٤٨).

[15] - هارمۆنی زانستێکە بۆ مەبەستی گەیشتنێکی لۆژیکی و هونەری بەکاردێت، لەنێوان دەنگە گونجاوەکان و ئەو پەیوەندییەی لەنێوانیاندا هەیە. هەروەها ڕێکخستنێکی وردە بۆ کۆردەکانی تەبا و ناتەبا لە ڕستەیەکی موزیکی هارمۆنیدا. (شاکر، د.محمد عزیز، ١٩٩٣، ٧٢).

[16] - پۆلیفۆنی بریتییە لە هەمەدەنگی سەربەخۆ و یەکسان لە گرنگیدا، سیفەتێکی بەردەوام بونی چنینی موزیکییەکانی هەیە. (فیکتور، بابینکو، ١٩٩٨، ١٩٧).

[17] - بێدریچ سمێتانا: موزیکنوس و پیانۆژەن و ڕێبەری ئۆرکێسترای چیکییە. گرنگترین بەرهەمەکانی: ٧ ئۆپێرا، چەندین پۆیم سیمفۆنی، دو کوارتێتی ژێدار، سێ تریۆ بۆ پیانۆ، بەرهەمی کۆراڵی و چەندین پارچە موزیک بۆ ئامێری پیانۆ. (حنانا، محمد، ٢٠٠٨، ١٣٤-١٣٥)

[18] - ئانتۆنین دڤۆرژاک: موزیکنوس و دامەزرێنەری قوتابخانەی موزیکی چیکییە. لە گرنگترین بەرهەمەکانی: ٩ سیمفۆنیا، ٥ ئۆڤەرچەر، ١٦ سەمای سلاڤی، ٣ کۆنشێرتۆ بۆ کەمان و پیانۆ و ڤیۆلا. ٣ کاری کۆراڵی و ١٠ ئۆپێرا و ژمارەیەکی بەرچاو لە پارچە موزیک بۆ ئامێری پیانۆ و موزیکی ژور. (حنانا، محمد، ٢٠٠٨، ٣٧-٣٨)

[19] - فیلیپ پدرێل: توێژەر و موزیکنوس و پێشەنگی بزوتنەوەی موزیکی نەتەوەیی ئیسپانییە. چەندین ئۆپێرا و ژمارەیەک بەرهەمی ئۆرکێسترالی و بەرهەمی دینی و دنیایی ئامادە کردوە. (حنانا، محمد، ٢٠٠٨، ٩٤)

[20] - ئیسحاق ئالبینیز: موزیکنوس و پیانۆژەنێکی ئیسپانییە. بەرهەمەکانی بریتین لە: ٣ ئۆپێرا، چەند ئۆپەرێتێک، ڕاپسۆدی کەتەلۆنیا بۆ ئۆرکێسترا، کۆنشێرتۆ ئیبێرا (بەرهەمێکی دوانزە پارچە موزیکە بۆ ئامێری پیانۆ) لە موزیکەکەیدا تیشکی خستۆتە سەر تایبەتمەندییەکانی موزیکی ئیسپانی. (حنانا، محمد، ٢٠٠٨، ١٠)

[21] - ئینریک گرادانۆس: موزیکنوس و پیانۆژەن و ڕێبەری ئۆرکێسترای ئیسپانییە، بەرهەمەکانی بریتین لە چەندین ئۆپێرا، کاری ئۆرکێسترا، پارچە موزیک بۆ ئامێری پیانۆ و کۆمەڵێک گۆرانی. (حنانا، محمد، ٢٠٠٨، ٥٠)

[22] - مانویل دی فالە: پیانۆژەن و دیارترین موزیکنوسی ئیسپانییە، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا. موزیکەکەی نوێنەرایەتی ڕوحی ئیسپانیا دەکات. لە ساڵی ١٩٠٥ دو خەڵاتی بەدەستهێنا، یەکێکیان وەک ژەنیاری پیانۆ ئەوی تریان بۆ ئۆپێرایەکی بەناوی ( La vida breve). (مانوێل دی فالە، ٢٠٢٣، ئۆنلاین).

[23] - یوهانز برامز: موزیکنوس و پیانۆژەنی ئەڵمانی سەردەمی ڕۆمانتیکە، چەند شێوازێکی نوسیوە وەک: سیمفۆنیا، کۆنشێرتۆ، موزیکی ژوری، پارچە موزیک بۆ ئامێری پیانۆ، دانانی کۆراڵی، و زیاتر لە ٢٠٠ گۆرانی نوسیوە. لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەهەمدا یەکێک بوە لە پێشڕەوانی شێوازی سیمفۆنی و سۆناتا. لە هامبۆرگ [ئەڵمانیا] لەدایکبوە- لە ڤیەنا کۆچی دواییکردوە. (یۆهانز برامز، ٢٠٢٣، ئۆنلاین).

[24] - فرانز لیست: موزیکنوس و پیانۆژەنێکی بەناوبانگی مەجەڕستان و سەردەمی ڕۆمانتیکییە، بەناوبانگترین بەرهەمەکانی: ١٢ پۆیم سیمفۆنی، ٩ ڕاپسودی هەنگاری، نزیکەی ١٠٠ فەنتازی، ٢ کۆنشێرتۆ بۆ پیانۆ و ئۆرکێسترا، ١٤ ئیتۆدی گەورە، ١٢ ئیتۆدی جۆراوجۆر، ٦ ئیتۆد بەشێوازی پاگانینی، نزیکەی ٢٠٠ ڕیدۆکسیۆن بۆ پیانۆ، ٧ کتێبی نوسین، ڕەخنە و شیکردنەوەی موزیک. لەساڵی ١٨٨٦ لە بایروت Bayreuth کۆچی دوایی کردوە.) (قەرەداغی، زۆزک، ٢٠٠٩، ١٤٨-١٥٠)

[25] - بێلا بارتۆک: لێکۆڵەر و ژەنیاری پیانۆ و شارەزا لە موزیکی میللی و فۆلکلۆر. لە ساڵی ١٨٨١ لە هەنگاریا لەدایکبوە. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا یەکێک بو لە بەناوبانگەکانی موزیکی جیهانی. زیاتر لە ٦٠٠٠ گۆرانی و ئاوازی میللی کۆکردۆتەوە،

گرنگترین کارەکانی لە ساڵی ١٩٢٤ دەرکەوت لەسەر موزیکی هەنگاری. لە ساڵی ١٩٤٥ کۆچی دواییکردوە. (یونس، د. عبد الحمید، معجم الفلكلور، مكتبة لبنان، ط١، بیروت، ١٩٨٣، ٧٨).

[26] زولتان کۆدای: موزیکنوسێکی هەنگارییە، زۆرترین گۆرانی میللی هەنگاری کۆکردۆتەوە. لە گرنگترین بەرهەمەکانی: ئۆپێرای هاری یانوش، سەمای گالانتا، بزالمۆسی هەنگاری، تاوس، کۆنشێرتۆی ئۆرکێسترا، کۆمەڵێک بەرهەمی موزیکی ژور، چەندین گۆرانی فۆلکلۆر و منداڵانی داناوە. (حنانا، محمد، ٢٠٠٨، ٦٤)

[27] دوای ئەوەی نەمسا ڕەتیکردەوە هێزەکانی لە سنوری فەرەنسا بکشێنێتەوە. فەرەنسا لە بەهاری ساڵی ١٧٩٢دا شەڕی دژی نەمسا و پرۆسیا ڕاگەیاند. (حروب الثورة الفرنسية، ٢٠٢٢، ئۆنلاین).